چیرۆک

موکەڕەم ڕەشید تاڵەبانی

# فسفس پاڵەوان



بەزەییت بە خۆتدا دێتەوە، بەدەنت ئەوەندە ڕەقەڵەیە گۆشتێکی ئەوەندەت پێوە نییە لە مرۆڤ بکەیت، قژی بژ و چاکەت و پانتۆڵێکی دەڵپت لەبەرە، دەرۆزەکەرەکانی ئەوسای شەقامی ڕەشید و سەعدوونیش لەبەری ناکەن،

ئەی چاویلکەکەت بۆ ناڵێیت، ئەوەندە کۆنە هی سەردەمی دەقیانووسە، خۆیشت هەر لە مرۆڤی سەردەمی دەقیانووس دەکەیت، مێشکت تا بڵێیت فرەوانە، تا بشڵێیت پووچ و کەللەرەقە، بیرت لای کەموکوڕییەکانی خۆتە، بەردەوام ئەو کەموکوڕیانەت ژ بیر ناچێتەوە، چاوی کز و چاوساغی نەیاران و مامۆستای مێشک پووچی فێرخوازانی گەڵحۆ و لە خۆت بێ مێشکتر و نا دڵسۆز بەرانبەر بەو شاخە بەرزەی پشتی شارەوە، کە لە کانییەکەی ئاوت دەخواردەوە و لە ژێر سێبەری داربەڕووەکانیدا پشووت دەدا و لە سێو و توو و گوێزی وەرزەکانت دەخوارد و بەردت فڕێ دەدایە ناو کانییەکەیشەوە و ئاوە ڕۆشن و سازگارەکەی جۆگەکەشت لێلا دەکرد و پاسارییەکانی قەراغ کانییەکەشت هەڵدەفڕاند.

ئەی ئەو چاوە کزانەت بۆ ناڵێیت کە لە ئاستی خەڵک و خوای دەوروبەری شاخەکە هەڵنایەت و لە ئاستی نەیاراندا زەلیل و سەرشۆڕ و دەست لە یەخەی خۆ تەرخانکردن و خۆئامادەی قوربانی و سەر لە پێناودا بەختکردن و سەر نانەوەیە. تەنیا بۆ ئەوەی گەردنی خۆت بشکێنیت و خانەخوێ زیانی پێ بگەیەت. ناهەقیشت ناگیرێت ئەوەندە لە سایەی نەیاراندا حەساویتەوە و ئەوەندە سمێڵت چەور بووە، خانەخوێ ئەوەندەی زەل و قامیشێک قازانجی پێ نەگەیاندوویت و دووزەلەیەکی بۆ دروست نەکردوویت فوو بە پێداهەڵدان و شانازیکردنەکانتدا بکەیت و بە توورەکە لیرە لە هاروون ڕەشید و مەئموون وەربگریت و منەتت بە قالەمەڕە نەمێنێت گوێ لە شەمشاڵە شکاوەکەی بگریت. تۆ هەر بۆ ئەوە خولقاویت سەر بۆ ئەو جۆرە غەوارانە دانەوێنیت و لە ڕۆژی ڕەش و تەنگانەیاندا بە دادیاندا بگەیت و بە دەستی خۆت چڵ و پۆپی داربەڕوو بسووتێنێت و غەوار و نەیاریش لەو لاوە پێت پێ بکەنن. ئەم نەریتەت هەر لە خۆڕا نەهاتووە، ئەو کەموکوڕییەت ئەوەندە کاری لە دەروونت کردووە نازانیت چۆن ڕقی خۆت بە خانەخوێ و دەوروبەردا بڕێژیت و بە هزری خۆت تۆڵەی خۆتیان لێ بکەیتەوە، لە کاتێکدا ئەوان هیچ ڕۆڵێکیان لەوەدا نییە کە تۆ بە ڕەچەڵەک لەوان نیت و چارەنووس و گوزەران وای کردووە خۆت لە ناویاندا ببینیتەوە، خۆت باش دەزانیت بە خێلا مووساییت و لێرەیش خەڵک بە چاوێکی زۆر سووکەوە تەماشای ئەو خێڵە دەکەن و بە مۆرانەی کۆمەڵیان دەزانن، ئەمەیش لە بەرژەوەندی غەوارەکەی خۆتدا بووە، ئەوەی بە هەل زانیوە و تۆی کردووەتە چاوساغی خۆی و لە ناو ئەو چیا و کانی و داربەڕووانەدا چەقاندووتی و چیت پێ بڵێت، دەست بەڕوویەوە نانێیت و ڕەشنووسەکانت بێ دەستکاری لە خزمەتیدایە. پێکەنینت بە خۆت دێت چۆن ئەوەندە ساڵە ئەو خەڵکەت پێ خەڵەتاوە، بە تایبەتی زانا و مامۆستا و خوێنکاران، جگە ئەو نووسەر و ڕۆشنبیرانەی بە

چاوێکی ئەوتۆوە تەماشات دەکەن گوایە بلیمەتی وەک تۆ لە بن ئەو چیایەدا پەیدا نەبووە و هزر و بیری وەک بیر و هزرەکانی تۆ لە هیچ کوێیەک نەڕسکاوە. چۆن پێکەنینت بە خۆت نایەت تێزنامە ساختەکەیشت بیرۆکەی خۆت نەبووە و خۆیشت یەک دێرت لێ نەنووسیوە، تەنیا سەرچاوەکانت ئامادە کردووە و لە ڕۆژی لێکۆڵینەویشدا تێزنامەیەکی ڕێکوپێکیان بۆ ئامادە کردوویت و تەنانەت چ پرسیارێکی قورسیشیان لێ نەکردوویت و بە پلەی نایاب تێزنامەکەیان ناوزەد کردوویت و پلە و پایەیەکی زانستییان پێ داویت، لە ناخەوە دەزانیت تۆ شایەنی ئەو پلە و پایەیە نیت، بەڵام ناچاریت و نەخشەی غەوارەیە و بۆت داڕێژراوە و دەبێت جێبەجێی بکەیت ئەگینە ڕێسەکەت لێ دەکەنەوە خوری و لە ناو مەردومدا بۆ هەزار ساڵ ئابڕووت دەبەن، جا چ زیانێکت لەو کارە کردووە، قازانج نەبێت، ئەگەر تۆ لە خێڵی مووسایی نەبووایەیت چۆن ئەو کۆشک و ئەو تەلار و ئەو هەموو سامان و ناوداریيەت دەستەبەر دەبوو، بە خۆت دەگوت بە خوا گێلیت ئەگەر شەق لەم ناز و نیعمەتە بدەیت و بۆ هەتا هەتایە ئابڕووی خۆت لە ناو مەردمدا ببەیت، نەکەیت ئەو بیرە بکەیتەوە، گەوجە کێ تۆ دەناسێت، تەنیا خۆت نەبێت، ئەوە نییە نازناوێکت هەیە کەس نییەتی، نازناوی چیایی بە کەس ڕەوا نەبینراوە، تۆ ئەو نازناوەت بە ساختە لە خۆت ناوە، لە سەرەوە خۆت بە چیایی دەزانیت و خۆت پیشانی ئەو خەڵکە دەدەیت کە چیاییت و لەوان چیاییتریت و لە گفت و بیر و هزر و نووسین و لێکۆڵینەوەکانتدا لە هەموو چیاییيەکان خۆت چیاییتر دەردەخەیت، لە ژێرەوەیش تا بۆت بکرێت دەکۆشیت بە درۆ و دەلەسە ئابڕووی چیاییەکان ببەیت و ڕەگ و ڕیشەی درەخت و داربەڕووەکانیان لە بنی بنەوە هەڵکێشیت و دارستانی چڕی مێژوویشیان بە سووتماک بکەیت و ڕەنجی چەندین سەدە و ساڵیان بۆ بەرژەوەندی غەوارە بەبادا بدەیت.

هەرکە بیر دەکەیتەوە، لە ئەکادیمییەکان ڕکەبەرایەتی مامۆستا سێودینت دەکرد، بزەت دەهاتێ و لە هەمان کاتدا خەفەتت دەخوارد چۆن بە قسەی غەوارەت دەکرد و لە هەموو شوێنێک لێکۆڵینەوە و وتار و گفتەکانی ئەو مامۆستایەی هاوڕێی منداڵیت دەکردە پەڕۆی بێ نرخ و پەڕپووتت دەکرد، بە دەستی خۆت نەبوو، ئەویش نەخشەیەکی غەوارە بوو بۆ لێدان و ناوزڕاندنی چی خەڵک و خوای خۆماڵی سەر بە چیا بوو، دەتزانی ئەوان چاویان تەنانەت بە چرای چیاییيەکانیشدا هەڵنایەت، ئەنجا نەخواستە وشە و قسەی نەستەق و مێژووی دەربڕین و هەستی هۆزانانی چیاییەکان، بۆیە ئەرکی ئەوەشیان پێ سپاردیت سەردەستەی غەوارە لە نهێنی زمانی چیاییيەکان شارەزا بکەیت و ئەو زمانە بکەیتە

داردەستی غەوارە تا خۆی بکاتە مۆرانە و لە ناو هەیوانەکەوە لە ماڵی چیاییەکان بدات و ماڵیان بەسەردا هەرەس بهێنێت و برووخێنێت.

بۆ ئەو مەبەستەیش چەندین وانەی تایبەتیت بە سەردەستەی غەوارەکان گوتەوە و زۆر نهێنی زمانی ئاریاییت پێ راگەیاند و شێوەی پیتە تایبەتەکانیشت بۆ روون کردەوە و، ئەویش بە لاقرتێوە و بە چەند پێکەنینێکی ساختەوە پێت پێکەنی و ئەوەی بە گوێیە کەرەکانتدا دا کە هەمان پیتەکانی خۆیانن و چیاییەکان سەرو گوێلاکیان شکاندووە و هاتوون بە نرخی گران پێیان بفرۆشنەوە. وەخت نەبوو لە پێستی خۆت دانەرزێیت، بەلام خۆت بە خۆتت دەگوت چۆن شەرم لە خۆت ناکەیت ئەوە چەندین ساڵە لە ناو ئەم چیاییانەدا دەگوزەرێنیت و بوویتەتە یەکێک لەوان و ئەوان وات دەبینن یەکێک لەوان بیت، زۆر لێت دڵنیان، تۆ چۆن کاری وا دەکەیت پشتیان بە خۆڵەوە دەدەیت، تەنانەت ئەو هەموو نووسین و وتارو لێکۆڵینەوانەت لە بارەی هۆزان و هۆزانڤانان و وشەی رەسەنەوە هەمووی بۆ چاوبەستن و خۆشاردنەوە لە ناو ئەو پێستە گورگئاسایەتدا بوو، تا چیاییەکان هەست نەکەن تۆ سیخورییان لەسەر دەکەیت، بۆیە دەستت دایە لێکۆڵینەوە دوور و درێژەکەت سەبارەت بە مێژووی مێوژو هەنجیر، چەند بەرگێکت لێ خستە بەردەم خوێنەران، کە تا هەنووکە کەس لەو نیازەت ناگات بۆچی ئەو هەموو بەرگە بەو قەوارە زلەوە دەخەیتە ناو کتێبخانەوە، تەنانەت خۆیشت ددان بەوەدا دەنێیت کە کەس نایانخوێنێتەوە و کەس دان بە رێنووسە چەوت و چەوێڵەکانتدا نانێت، بەلام وەک خۆت لای خولە مللار گوتبووت تەنیا بۆ ئەوەتە گێرەشێوینی لە ناوەندەکەدا بنێیتەوە و هیچی تر، ئەگینە ئەو رێنووسەی کە تۆ پێرەوی ناکەیت زۆر دروستتر و زانستیانەترە و، لە سەرتاپای چاپەمەنی و کتێبەکانی تری چیاییستاندا پێرەو کراوە و فێرخوازی سەرەتاییش لێی راهاتووە و بە جوانی مامەڵەی لەگەلا دەکات.

پێکەنینت بە خۆت دێت چۆن خۆت کردووەتە فسفس پاڵەوان، چۆن ئەو خەڵکەت پێ فریو دراوە و چۆن بروایان پێتە کە تۆ دڵسۆزی ئەوان و زمان و نەتەوە و ئەم خاکەی ئەوانیت، لە کاتێکدا زۆر هەڵویستی خۆت بیر دەکەوێتەوە هەموو بۆ چاوبەستن و فریودان بووە، خۆت دەستت لە کاری ئەکادیمی کێشایەوە، گوایە بە ئاشکرا بۆ ئەوەت بوو سەردەستەی غەوارەکان دوژمنایەتیت دەکات و ری نادات لێکۆڵینەوە ئەکادیمییەکانت رووناکی ببینن، بەلام لە قاقای پێکەنینت دەدا و دەتگوت ئەو خەڵکە چەند گەوجن بەو رواڵەتانە بروا دەکەن، نازانن من بۆ ئەوەمە ئەوان نەزانن سەردەستەی غەوارە رای سپاردووم برۆم لەو ولاتانە

سەر لە ئەكادیمیاكان بدەم و سیخوڕی لەسەر خوێندكارانی ئێرە و جم و جووڵەكانیان لەو وڵاتانە بكەم، ئەوانەی لە ئەكادیمیاكان خەریكی خوێندن و لێكۆڵینەوەی زانستین، هەر بۆ ئەوەیش بوو رایانسپاردم بڕۆم لە زانكۆی تەرابولس وانەبێژی بكەم و لەوێش سیخوڕی بەسەر ئەو مامۆستایانەوە بكەم لێرە هەڵاتوون و چالاكییەكانیان بۆ سەردەستەی غەوارە رەوانە بكەمەوە، ئەویش دەوەرەی دەردی كەس و كارەكانیان ببات.

بزەیەكت دەكەوێتە سەر لێو و سمێڵت فشتر دەبێتەوە، جا تۆ كەی سمێڵت هەبووە، سمێڵێكی هتلەریانە، خۆیشت لە هتلەر دەكەیت، سەیرت بە خۆت دێت و دەڵێیت ئەگەر من چاوساغی سەردەستەی غەوارە نەبوایەم، چما لە ناو تێزاب و سیانیددا نەیدەتواندمەوە و ئەم هەموو پەرتووكە چاپ بكەم و لە زمانانی ترەوە وەریان بگێڕم، جا من كەی ئەو كتێبانەم چاپ كردووە، سەردەستەی غەوارە هەر بە خۆی فەرمانی بە دەزگای چاپەمەنییەكان دەكرد نووسینەكانم بە بێ نۆرە و بێ سانسۆر چاپ بكرێن و پارەیەكی مۆڵیشم پێ بدەن، لای ناوەندەكەیش سنگی خۆم دەردێنا و بە سرپە سرپ پێم رادەگەیاندن گوایە سانسۆر رێی نەداوە چەندین بڕگە و پەرەگراف و رستە و وێنە لە پەرتووكەكە رووناكی ببینن، تا چەواشە بە ناوەندەكە بكەم و پێم نەزانن چاوساغی بۆ سەردەستەی غەوارە دەكەم.

ئەو ناوەندی "رستە"یەیش كە لە پایتەخت دام مەزراندووە، ئەویش بۆ چەواشەكردنە، ئەگینە من لە كوێ و وشە و رستە لە كوێ، كەی من رستەم ناسیوە و كەی یاسای رستە دەزانم، چی بكەم ئەوەیشم بۆ ئەوەیە تا فەلسەفەیان بەسەردا لێ بدەم، دەنا بە خوا دەزانم من خۆم فسفس پاڵەوانم و هیچم لەباردا نییە ئەوە نەبێت چاوساغی بۆ غەوارە بكەم و ئەم بەستەزمانانەیش وا تێ بگەیەنم بۆ ئەوان و لە پێناوی ئەواندا ئەو كۆششە دەكەم. چ بكەم بە دەستی خۆم نییە و ئەو كارەم لە باوباپیرمەوە بۆ ماوەتەوە ئەگینە چۆن لەم ناوەندەدا هەڵدەكەم، چۆن دەگەمە ئەو پلە و پایە و ئەو كۆشك و تەلارە پێكەوە دەنێم. تا فسفس پاڵەوانانە سنگ دەرپەڕێنم و بڵێم ئەوە منم و ئەوە كارەكانم!!

بۆیە بەزەییت بەو خەڵكەدا دێتەوە باوەڕ بەو بەدەنە لەڕ و لاوازە دەكەن، باوەڕ بەو چاویلكە ساختە و ئەو رواڵەتە ساختە دەكەن، بۆیە گەیشتوویتەتە ئەو بڕوایەی تا ئەوان وا بن نموونەی فسفس پاڵەوانی وەك تۆ لە ناویاندا زۆر دەبێت و هەر فسفس پاڵەوانە و سنگ دەردەپەڕێنێت و چی رێس و رستنیان هەیە لێ دەكاتەوە بە خوری!!

هەولێر ٢٠٠٩/٩/١٦